سەرچاوەیەکی حکومی: سودانی ڕێنمایی بەدواداچوونی وردی کێسی کۆچی دوایی دکتۆر بان زیاد دەکات



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران فەرمانی دا، ئەمڕۆ هەینی، بەدواداچوون بۆ لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە گیانلەدەستدانی دکتۆر بان زیاد بکرێت.

سەرچاوەیەکی حکومی بۆ میدیای فەرمیی ڕاگەیاندووە، کەدواتر موتابیع بەدواداچوونی بۆ کردووە، "سودانی فەرمانی بەدواداچوونی وردی لێکۆڵینەوەکانی هەکارکانی گیان لەدەستدانی پزیشکی چاوی دا"، جەختی لە "پێویستی خێراکردنی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ ڕای گشتی کرد".

ئاماژەی بۆشکرد، سودانی جەختی لە پێویستی دورخستنەوەی لێکۆڵینەوەکان لە هەر هەوڵێک بۆ قۆرخکاری سیاسی کردووە.